**دابەشکردنی ڕستەی زمانی کوردی:**

لە کوردیدا ڕستە لە چەند ڕوویێکەوە سەیردەکرێت و دابەشدەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین دوو جۆرڕستە جیابکەینەوە ئەویش بریتین لە: ڕووی (واتا و ڕۆنانەوە)

**1 - لە ڕووی واتاوە:**

**2 - لە ڕووی ڕۆنانەوە:**

سەبارەت بە دابەشکردنی ڕستە لە ڕووی واتاوە لێکۆڵەران جۆرەکانی (سەرسوڕمان- ڕاگەیاندن- پرسیار- فەرماندان... تد) یان دەستنیشان کردووە،

هەروەها هەندێ جار ڕستە لە ڕووی (ئەرێ و نەرێ) وە دابەشدەبێت یاخود دابەشدەکرێت، بەڵام ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە لایەنی ڕۆنانی ڕستەیە، واتە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکە، بۆیە لەمەودوا بەدرێژی باسی لێوەدەکەین.

ڕستەی زمانی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکرێت بۆ دوو جۆری (سادە و ناسادە)

**آ- ڕستەی سادە:** ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا لە فرێزی کاری و فرێزی ناوی پێک دێت، کەواتە بە لایەنی کەمەوە دەبێ ئەم دوو کەرستەیە بوونیان هەبێت لە ڕستەی سادەدا، هەروەها ئەو کەرستانەی یاخود ئەو توخمانەی، کە بەشداری دەکەن لە ڕۆنانی ڕستەی سادەدا بە پێی کاری ڕستەکە دەبن بە دوو بەش، کە بریتین لە: (کەرستەی سەرەکی و کەرستەی لاوەکی).

**- کەرستە سەرەکییەکان:** ئەمانە دەبێ بوونیان هەبێت لە ڕۆنانی ڕستەکەدا و ناتوانرێت لابدرێن، ئەم کەرستانەش بریتین لە (بکەر و کار) ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکەت تێنەپەڕ بوو، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بێت ئەوا جگە لە (بکەر و کار) بەرکاریش دەبێت بە کەرستەیەکی سەرەکی و دەبێ بوونی هەبێ. بۆ نموونە:

**ئازاد هات ، ئازاد نان دەخوات**

**- کەرستە لاوەکیەکان:** ئەمانە لە پلەی گرنگیدا لاوەکین واتە دەکرێت لابدرێن، لابردنیان نابێتە هۆی تێکچوونی پێکهاتەی ڕستەکە، بنچینەکەی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەم کەرستە لاوەکیانە واتای زیاتر لەبارەی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەبەخشن و لایەنی (چۆنیەتی و کات

و... تد)ی کارەکە ڕوونتر دەکەنەوە، بە واتایەکی تر زانیاری زیاتر دەربارەی کاری ڕستەکە دەدەن بە دەستەوە بۆ نموونە:

**قوتابییەکە هات.**

**قوتابییەکە دوێنێ هات.**

**قوتابییەکە بە خێرایی هات.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەردوو کەرستەی (**دوێنێ و بە خێرایی**) کەرستەی ناسەرەکین (لاوەکین). کات و چۆنیەتی (هاتن)ی قوتابییەکانی ڕوون کردۆتەوە، بۆیە بە لابردنیان ڕۆنانی سینتاکسی ڕستەکە تێکناچێت.

**ب- ڕستەی نسادە:** ئەو ڕستانەن، کە زیاتر لە کارێکیان تێدایە و دەبن بە دوو بەشەوە

**یەکەم: ڕستەی لێکدراو:** لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت، بەهۆی مۆرفیمێکی ڕێزمانی لێکدەدرێن، ڕستەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە هاوسەنگن و خاوەنی هەمان پلەی سەربەخۆیین، بەڵام بەشدارییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەک هاوبەشی لە هەمان فرێزی ناویدا جا چ بکەر بێت یان بەرکار، یان بەشداری لە ڕووی کاتی ئەنجامدانی کارەکاندا، ڕستەی لێکدراویش بە دوو جۆر دابەش دەکرێت یان بە پێی (ئامرازە لێکدەرەکان) یان بە پێی (کاتی کارەکان) بە پێی ئامرازەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**آ– ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک:** (و، ئینجا، ئەوسا، هەروەها، ... تد) لەم جۆرەدا کاری هەموو ڕستە لێکدراوەکان یەک ئاراستەیان هەیە و لە شێوەی ئەرێدان. واتە لە ڕووی ئەنجامدانی کارەکاندا هاوڕێکن. ئەو جۆرە ڕستانە بە زۆری بە هۆی ئامرازی ( و ) لێکدەدرێن. جگە لەم ئامرازەش دەتوانرێ بە هۆی ئامرازەکانی (ئینجا، ئەوسا، هەروەها، فاریزە ... تد) لێکدەدرێن. وەک:

**قوتابییەکە وانەکەی ئامادە کرد و چوو بۆ قوتابخانە.**

هەروەها دەتواندرێ ئەم جۆرە ڕستانە بەبێ ئامراز لێکبدرێن و لە جیاتی ئامرازەکە فاریزە دابنرێت.

**ب– لێکدراوی پێچەوانە:** (بەڵام، ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەڵ ئەوەشدا، ... ) ئەم جۆر ڕستانە دەگرێتەوە، کە ڕوودانی ڕستەی یەکەم پێچەوانەی ڕستەی دووەم بێت. واتە کاتێک لە ئەنجامی ڕوودانی ڕستەی یەکەمدا چاوەڕوانی ئەوە دەبیت کە ڕستەی دووەم ئەرێ بێت، کەچی ڕستەی دووەم نەرێ دەبێت و بە پێچەوانەوە وەک:

**هەرچەندە کرێکارەکە نەخۆش بوو بەڵام چوو بۆ سەرکار.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت. کە ئەگەر یەکێک نەخۆش بێت ناچێ بۆ سەرکار بەڵام لەم جۆرە ڕستە لێکدراوەدا کارەکە پێچەوانەیە

**ج– لێکدراوی هەڵبژاردە:** (یا، یان، ... تد) ئەم جۆرە بە زۆری لە دوو ڕستەی سادە پێکدێت و تەنیا کاری یەکێک لە ڕستەکان هەڵدەبژێردرێت

- **یان بخوێنە یان یارمەتی براکەت بدا**
- **دانیشە یا برۆ**

**د– لێپدراوی نەرێ:** (نە... نا) بە زۆری لە دوو ڕستەی سادەی نەرێ پێکدێت و هیچیان جێبەجێ ناکرێن، بەهۆی ئامرازی (نە) لێکدەدرێن، ئامرازی (و)یش دەتوانێ بەشداری بکات لە لێکدانی ڕستەکاندا

- **نە دەمرێ و نە چاک دەبێت،**
- **نە شیری حوشتر نە دیداری عارەب**

**تێبینی**/ جۆرە پۆلکردنێکی تریش هەیە بۆ ڕستە لێکدراوەکان، ئەویش بە پێی کاتی ڕوودانی کاتی ڕستە سادەکانە، کە دەکرێت جۆری (هەمان کاتی و جۆری پێش و دوا و... تد،) کە ئەمانیش دەبن بە چەند جۆرێک:

– هەمان کاتی

١– هەمان ڕووداو: هەموومان کورد بووین، هەندێکمان بووین بە زەرد و هەندێکمان بووین بە سەوز.

٢– یەک ڕووداو: زانا بە یا پرسابە.

٣- لێکدراوی ڕوونەداو: نە پێڵاوی تەنگ نە ماڵی بە جەنگ

٤- پێشوو دوا :

**دووەم ڕستەی ئاوێتە (تێکەڵ):**

بریتییە لە تێکەڵبوونی دوو ڕستەی جیاواز لەڕووی سینتاکسەوە، یەکێکیان سەرەکیە و ئەوی تریان شوێنکەوتوو. سەرەکیەکە (شاستە) ی پێ دەوترێت و لاوەکیەکەش (پاڕستە یان لاڕستە) ی پێدەڵێن ئەم ڕستانە بە زۆری بە هۆی ئامرازی (کە) ی گەیەنەر لێکدەدرێن، ئامرازی گەیەنەری (کە) هەردەم لەگەڵ ڕستە شوێنکەوتووەکەدا دەبێت.

ڕستەی ئاڵۆز چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان کراوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: ڕستەی شوێنکەوتوو خوازی دیارخەری:** ئەم جۆرە ڕۆڵی دیارخەری ناو دەبینێت، گرێی ناوی یان ناو لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێت، ئەم فراوانی دەکات و دەبێت بە دیارخەر بۆی کە خۆی لە چەند زۆرێکدا دەبینێتەوە:

**آ- دیارخەری بکەر:**

- ئازاد کە مامۆستای چاکی بۆ گیرابوو نمرەیەکی باشی بە دەست هێنا
- ئازاد نمرەیەکی باشی بە دەست هێنا/ شارستە/ سەرەکی
- کە مامۆستای چاکی بۆ گیرابوو/ شوێنکەوتوو

**ب- دیارخەری بەرکار:**

- ئێمە تۆمان بە نوێنەری پۆلەکەمان هەڵبژارد کە لە هەموومان لێهاتوو تر بوویت
- کە لە هەموومان لێهاتووتر بوویت/ ڕستەی شوێن کەوت و خوازی بەرکارییە چونکە بۆتە دیارخەری (تۆ) کە بەرکارە.

**ج/ دیارخەری ئاوڵگوزارە:**

هەموو شێوەکانی ئاوڵگوزارە ئەگەر گرێی ناوی تێدا بێت بە ڕستەی شوێنکەوتوو فراوان دەکرێن، ئەم جۆرەش دەبێت بە چەند بەشێک

**١- وەسیلە:** قوتابییەکە بەو قەڵەمە دەنووسێت کە من بۆم هێنابوو

**٢- کات:** ئازاد ئەو ڕۆژە ڕۆیشت کە تۆ نامەکەت نووسی

**٣- شوێنی:** ئازاد لەو بازاڕەدا شتی دەکڕی کە تازە دروستکراو بوو

**٤- چۆنیەتی:** پێم ناکرێ وەک ئەم دووڕووانە بژیم کە ئازاری خەڵک دەدەن

**دووەم**: **ڕستەی شوێنکەوتووخوازی بکەری**: ئەم جۆرە ئەرکی بکەر دەبینێت، لەم جۆرە ڕستانەدا، ڕستە سەرەکیەکان بکەریان بریتی نییە لە تاکە وشەیەک بەڵکووبکەریان بریتییە لە پاڕستەیەکی گەیەنەر، واتە لاڕستەکە هەمووی دەبێت بە بکەری ڕستە ئاڵۆزەکە، نەک ببێت بە دیارخەر بۆی، نموونە:

- ئاشکرایە کە مانگ خڕە

کارەکانی (ڕوونە ئاشکرایە دیارە ... تد) لەم جۆرانەدان کە بکەرەکەیان دەبێتە پاڕستەیەکی شوێنکەوتووخواز.

**سێیەم ڕستەی شوێنکەوتووخوازی بەرکاری**: بە هەمان شێوە ئەم جۆرە ئەرکی بەرکار دەبینێت، لەم جۆرە ڕستانەدا، ڕستە سەرەکیەکان بەرکاریان بریتی نییە لە تاکە وشەیەک بەڵکووبەرکارەکەیان بریتییە لە پاڕستەیەکی گەیەنەر، واتە لاڕستەکە هەمووی دەبێت بە بەرکاری ڕستە ئاڵۆزەکە.

- دەزانم کە هەولێر پایتەختی کوردستان

لەم جۆرە ڕستانەدا ئەوەی لە دوای کاری (دیتن، زانین، وتن، بیستن ...تد) هات یان دێت هەمووی دەبێتە بەرکاری ڕستە

**چوارەم**:**ڕستەی شوێنکەوتوو خوازی کاتی**: کاتی ڕوودانی ڕستە سەرەکییەکە دەخاتەڕوو:

- كە مەلا بانگی دا دەگەڕێمەوە

**پێنجەم: ڕستەی شوێنکەوتووخوازی هۆیی:** هۆی ڕوودانی ڕستە سەرەکییەکە دەخاتەڕوو بە زۆریش ئامرازەکانی ( چونکە، لەبەرئەوە، ... تد ) لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی هۆیی بەکاردێت

- من کتێبی قاچاخ دەخوێنمەوە، چونکە لە بارەی ژیانی ئێمەوە ڕاستی دەنووسن

**شەشەم: ڕستەی شوێنکەوتوو خوازی مەرجی:**

- ئەگەر ماڵت لە شووشە بێ ماڵی خەڵکی بەردەباران مەکە

**حەفتەم: شوێنکەوتووخوازی مەبەست:**

- دەخوێنم بۆ ئەوەی دەربچم